# کێ.کێ هەڵدەبژێرێت؟

کاوه ئەمین

بە گوێرەی ئەو بڕیارەی کە ئەمریکا داویەتی، دەبێت هەڵبژاردن لە عێراق و باشووری کوردستاندا لە کۆتـای ئـەم مانگەدا، بکرێت. بەو پێیەش ئەگەری هەڵبژاردن لـە نـەکردنی زیاترە، چونکـە نـەکردنی هەڵـبژاردن شکسـتێکی گەورەیە بۆ سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

سەرکرادایەتی کورد لە باشوور کە ئیمڕۆ لە ژێر ڕکێفی پـارتی و یەکێتیدایە، لـە مـاوەی دوای ڕوخـانی ڕژێمـەوە چەند جارێک هەڕەشە و گوڕەشەیان لە عێراق کرد کە، ئەگەر کێشەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکان چارەسەر نـەکرێت ئەوا بەشداری لە هەڵبژاردنی عێراقدا ناکەن یاخود ئەگەر یاسای کـاتی عێـراق کـە لەلایـەن ئەنجومـەنی کـاتی عێراقەوە بڕیاری لەسەر درا لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دانی پێدا نەنرێت وەکو خۆی، ئەوا دیسان ئەوان بەشـداری لە حکومەتی عێراقدا ناکەن. بەڵام وەک بینیمان بە هاتنی وەزیری دەرەوەی بەریتانی و جێگـری وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کوردستان، لە پەیمانەکانی خۆیان بەشێمان بوونەوە و هیچ کام لەو خاڵانەی کە ئەوان پێیان لەسـەر دادەگرت نەک جێبەجێ نەکران بەڵکو تەوا بە پێچەوانەی بەرژەوەندیەکانی کورد شکانەوە. بە تایبـەتی بەشـداری کردنی کورد لە هەڵبژاردنی ئەنجومـەنی کـەرکوک، پێش گێڕانـەوەی ناوچـەکانی سـەر بـە کـەرکوک بـۆ ئـەو پارێزگایەوە، پاشانیش گێڕانەوەی هەموو ناوچە ئازادکراوەکان بۆ ژێر دەسەڵاتی کوردی.

لە لایەک خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکانی دوای ڕوخانی ڕژێم ناتوانن دەنگ بدەن بۆ پەرلەمانی کوردسـتان، ئەمەش بەو مانایە دێت کە لە پراکتیدا سـڕینەوەی ئـەو ناوچانەیـە لـە نێـو سـنووری کوردسـتاندا. لەلایـەکی تـرەوە کوردەکـانی باشـووری کوردسـتان کـە لـەدەرەوەی وڵات دەژیـن، نـاتوانن دەنـگ بـدەن بـۆ پەرلـەمانی کوردستان، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکی ئەو سێ پارێزگایەی کە لە ژێر دەسـەڵاتی کـورد دایـە واتـە (دهۆک و هەولێر و سلێمانی)، وەکو خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی عێراق حسابیان بۆ کراوە کە بەشـێکی زۆریـان نـەک خۆیان بە عێراقی نازانن، بەڵکو نەفرەت لە عێراقی بوونیش دەکەن.

عەرەب بە سونە و شیعەیانەوە، نیەتیان باش نییە لە ئاینـدەی کوردسـتاندا، ئەوەتا عەرەبـە سـونییەکان داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دەکەن، بەڵام لە کەرکوک نا، ئەوەش دروست بـۆ درێژەدانـە بـە سیاسـەتی تـەعریب لـە کوردستاندا. بەشداری کردنی عەرەبە هاوردەکانی کەرکوک لە هەڵبژاردندا و هەبوونی نوێنەریان لـە ئەنجومـەنی شاری کەرکوکدا لە داهاتوودا، بزمارێکی ترە لە تابوتی سڕینەوەی کەرکوک دەدرێت لە سەر نەخشەی کوردستان.

سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی لـە سـاڵـی 1974 دا ڕازی نـەبوو بـە بـێ کـەرکوک پەیمانـەکانی کـە سـەددام و دارودەستەکەی دابویان، بپەژرێنێ، ئەوەش سەروەریەکی گەرەیە بۆ مێژووی ئەو پیاوە. شۆڕشـێکی چـوارده ساڵـە کرایە قوربانی کەرکوک، بەڵام ڕازی نەبوو کەرکوک لە سنووری کوردستاندا دابیڕدرێت. بەڵام ئەوانەی ئێستا نـەک هەر کەرکوک بەڵکو هەموو کورد دەکەنە قوربانی بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان و سیاسـەتی دوفاقیانـەی ئـەمریکا لەگەڵ کورد.

ئەگەر هەڵبژاردن ململانێی تێدا نەبێت و خەڵک بـە ئـازادی نـەتوانن نوێنـەرەکانی خۆیـان هەڵـبژێرێن، ئـەوە هەڵبژاردن نییە، بەڵکو هەڵخەڵەتاندنە. تا ئێستا سەرۆکی هیچ پارتێکی کوردی نەچونەتە ناو جەماوەرەوە تا لـە نزیکەوە ئەو بەڵێنانەی کە دەیدەن بە خەڵک باس بکەن، بە پێچەوانەوە دەبێت هەموو ڕۆژێک بـە پـاس و گەلابـە خەڵک لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانەوە کۆ بکرێنەوە و، لە هۆڵێکی داخراودا لە بەر هەوای کۆندێشن، سەرۆکی حیـزب قسەیان بۆ بکات، ئەوانیش بە پێوە و بە چەپڵە ڕێزان و تلیلیلی، وەفادری خۆیان پیشان بدەن. بەڕاست کـێ، کـێ هەڵدەبژێرێت، خەڵک حیزب هەڵدەبژێرێت، یان بە پێچەوانەوە؟ ڕەنگە ئەمەش ڕوکنێکی تازەی دیمـوکراتی بێـت و ببێتە وانەی سیاسی لە زانکۆکانی جیهان!

بە شداری کردنی کورد لە هەڵبژاردنی عێراقدا، بە تایبەتی کەرکوک، بەو پێکهاتەیەی ئێسـتاوە، ڕەواجی دانـە بـە تەعریبکردنی کوردستان و بە یاسایی کردنی داگیرکاریەکانی عێراقە بە درێژایـی مێـژووی دامەزرانـدنی. جـا بـا دەرویشەکانی حیزب و ئەوانەی کە هێندە بە دیمـوکراتی بـوونی عێـراق سـەرخۆش بـوون کـە ئامـادەن واز لـە

**کوردستانیەتی خۆیان بهێنن و ببنە عێراقییەکی وا کە هەر کەس دژی بێت، بیکەن بە کێلانی شمشێرەکەی زەرقــاوی وەک چۆن جاران بەو خەڵکانەیان دەگوت "تابووری پێنجەم" کە دژی شەری براکوژی و عێراقیەت بوون[*].**

[*] ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە، 2005/1/10، کەناڵی کوردسات، گفتووگۆیەکی بۆ مامۆستا حەسەن جاف و کاکەیەکی حیزبی سازدا. لەو بەرنامەیەدا، ئەو برادەرە حیزبییە هێندە بە دیموکراتی و هەڵبژاردن لە عێراق مەست بوو بوو، سوێد و نەرویج و عێراقی لێ بوو بوو بە یەک. لە وەڵامی قسەکانی مامۆستا حەسەن جافدا کە پێی وابوو کورد نابێت بەشداری هەڵبژاردن بکرێت بەبێ گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر و چارەسەری کێشە نەتەوەییەکانی کورد، هیچی پێنەمابوو تەنها ئەوە نەبێت بڵێت ئەی چی بکەین وەکو زەرقاوی بکەین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لای ئەو کاکەیە ئەوەی دژی هەڵبژاردن بێت جا چۆن دەکرێت گرنگ نییە، لەگەڵ زەرقاوییە، گرنگ ئەوەیە ئەو پۆست و پولەکێکەی خۆی وەرگرێت.